ژانەوە

سالی پێنجەم ژمارە (93) دووشەممە 2002/4/15 | No:93 Monday 15/4/2002 | نرخی (2)دیناره

لە ژمارەیدا

ل5


ل6


ل7

پێشنیارەکانی یەکەمین کۆنفرانسی یاسایی یەکێتی ژنانی کوردستان

رۆژانی 27–2002/3/28 لەسلێمانی یەکەمین کۆنفرانسی یاسایی یەکێتی ژنانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەو کۆنفرانسەدا کە چەند ماددەیەکی یاساکانی سزادان و بەرهەڵستیی لەشفرۆشی و باری کەسێتی گفتوگۆی لەسەرکرا، چەندین پێشنیاریش بۆ گۆڕین و چاککردنی ماددەکان دەنگی لەسەردرا.

دوای تەواوبوونی کارەکانی لیژنەی دارشتنی ماددەکان کە پێکهاتبون لەبەڕێزان:–

*عبدالکریم حیدر– دادوەرو ئەندامی دادگای تەمیز. *صباح عمر علی– دادوەرو ئەندامی دادگای تەمیز. *د.فاروق عبدالله– راگری کۆلیژی یاسا. *کامیل ژیر– پارێزەر. دەقی پێشنیارەکان بڵاودەکەینەوە.

پێشنیارەکان:–

یەکەم:– یاسای سزادانی ژمارە (111)ی ساڵی 1969

1–لابردنی بڕگەی (1) لەماددەی (41)ی یاسای سزادان کە تایبەتە بە(تأدیب)ی ژن لەلایەن مێردەکەیەوەو هێشتنەوەی بڕگەکانی تری ماددەکە وەك خۆی.

2–لابردنی بڕگەی (2) لەماددەی (377)ی یاسای سزادان کە تایبەتە بەسزای پیاوی زیناکەرو دەڵێت ئەو پیاوەی تەنیا لەناو ماڵی ژن‌ومێردایەتیدا زینا بکات هەمان سزای ژنی زیناکەر دەدرێت لەکاتێکدا کە سزای ژنەکە لەناو ماڵو دەرەوەی ماڵ وەك یەکە.

دانانی ئەم رستەیە لەجێی بڕگەی (2)ی ماددەکە.

2–یعاقب بالعقوبة ذاتها الزوج الزاني، بەبێ دەستنیشانکردنی ناوماڵ یان دەرەوەی ماڵ.

3–چاککردنی ماددەی (409)ی یاسای سزادان بەمجۆرە:–

1–سزادەدرێت بەحەبسکردن بۆ ماوەیەك کە لە (3) ساڵ زیاتر نەبێت ئەو پیاوەی کە ژنەکەی یان یەکێك لەحەڵاڵ کراوەکانی لەحاڵەتی زینا یان لەسەر جێگە لەگەڵ کەسێکدا ببینێتو لەهەمانکاتدا یەکێك یان هەردووکیان بکوژێت یان لێیان بداتو لەئەنجامدا بمرن یان کەم ئەندامیەکی هەتاییان تیا دروستبکات.

2–هەمان سزا بۆ ئەو ژنەش دەبیت کە میردەکەی یان یەکیك لەحەڵاڵ کراوەکانی لەگەڵ کەسیکدا ببینیتو لەهەمانکاتدا یەکیك یان هەردووکیان بکوژێت یان لییان بداتو لەئەنجامدا بمرن یان کەم ئەندامیەکی هەتاییان تیا دروستبکات.

3–نابیت هیچ مافیکی بەرگریکردنی شەرعیی (الدفاع الشرعي) دژی ئەوکەسە بەکاربهێنریت کە سوود لەم ماددەیە وەردەگریتو (زەرفی مشدد)ی بەسەردا جیبەجێ ناکریت.

4–چاککردنی ماددەی (410)ی یاسای سزادان کە تایبەتە بەلیدانو توندوتیژیی، بەزیادکردنی ئەم برگەیە بۆ کۆتاییەکەی (او کان المجني عليه زوجا للجاني).

5–چاککردنی ماددەی (414)ی یاسای سزادان بەزیادکردنی برگەی (6) بۆ ماددەکە کە تایبەتە بەهەردوو ماددەی (412)و (413) بەمجۆرە.

6–(اذا كان المجني عليه زوجا للجاني).

6–ماددەی (415) برگەی (2)ی بۆ زیاددەکریت بەمجۆرە:

2–(يعد ظرفا مشددا اذا كان المجني عليه زوجا للجاني).

7–ماددەی (430) کە تایبەتە بە هەرەشەکردن بەتوندوتیژیی یان سوکایەتی پیکردن برگەی (3)ی بۆ زیاددەکریت بەمجۆرە:–

3–(يعد ظرفا مشددا اذا كان المجني عليه زوجا للجاني).

8–ماددەی (433) کە تایبەتە بە بوختانکردن برگەی (3)ی بۆ زیاددەکریت بەمجۆرە:

4–(يعد ظرفا مشددا اذا كان المجني عليه زوجا للجاني).

9–دوادیری ماددەی (434) کە تایبەتە بەجنیودان بەمجۆرە چاکدەکریت:–

(واذا وقع السب بطريق النشر في الصحف او المطبوعات او بأحدى طرق الأعلام الاخرى او اذا كان المجني عليه زوجا للجاني عدا ذلك ظرفا مشددا).

دووەم:– یاسای بەرهەلستی لەشفرۆشیی ژمارە (8)ی سالی 1988.

1–ماددەی 4 لەیاساکە بەمجۆرە چاکدەکریت:–

زیادکردنی برگەی (2) بۆ ماددەکە:

2–يعاقب مرتكب فعل الوقاع او اللواط مع البغي ذكراً كان او انثى بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد على سنتين.

سێیەم: یاسای باری کەسێتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959.

1–لابردنی بڕگەی (4) لەماددەی (38)و دانانی ئەم رستەیە لەجێی.

4–لايجوز الزواج بأكثر من واحدة الا بأذن القاضي ويشترط لأعطاء الاذن تحقق الشرطين التاليين:–

أ.ان تكون للزوج كفاية مالية لأعالة اكثر من زوجة واحدة.

ب.اذا كانت الزوجة غير قادرة على الانجاب او كانت مصابة بمرض يمنعها من القيام بواجباتها الزوجية.

2–لابردنی بڕگەی (6) لەماددەی (3)و دانانی ئەم بڕگانە لەجێی:

6–أ.كل من اجرى عقداً بالزواج بأكثر من واحدة خلافاً لما ذكر في الفقرتين (4و5) يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة واحدة ولاتزيد على سنتين وبغرامة لاتقل عن عشرة الاف دينار ولاتزيد على عشرين الف دينار.

ب.وتعاقب الزوجة التي يجرى عقد زواجها خلافا لماذكر في الفقرتين (4و5) بالحبس مدة لاتقل عن سنة واحدة ولاتزيد على سنتين وبغرامة لاتقل عن عشرة الاف دينار ولاتزيد على عشرين الف دينار.

ج.لايستفيد المحكوم عليه بموجب الفقرتين (أ و ب) اعلاه من نظام وقف التنفيذ والظروف القضائية المخففة.

د.لايتوقف تحريك الدعوى الجزائية في الجريمة المشار اليها في اعلاه على شكوى الزوج الاخر وانها تتعلق بالحق العام ولاتقبل التنازل او الصفح.

3–لابردنی برگەی (7) لەماددەی (3) کە تایبەتە بەهینانی بیوەژنو دانانی ئەم رستەیە لەجیی:–

7–تعتبر اعادة المطلقة الى عصمة زوجها ولو في اثناء عدتها بمثابة زواج جديد لأغراض هذه المادة.

4–چاککردنی برگەی (1)ی ماددەی (8) کە تایبەتە بەتەمەنی شوکردنو ژنهینان بەمجۆرە:–

(تحل عبارة (السابعة عشر) محل عبارة (الخامسة عشر) في الفقرة (1) من المادة الثامنة من القانون).

5–چاککردنی برگەی (5) لە ماددەی (25) بەمجۆرە:

تحل عبارة (ستة اشهر) محل عبارة (سنتين) في (أ) من الفقرة (5) من المادة الخامسةوالعشرين من القانون.

7–چاککردنی بڕگەی (1) لەماددەی (31) کە تایبەتە بەنەفەقە بەمجۆرە:

المادة 31 :– للقاضي النظر في دعوى النفقة ان يقر تقدير نفقة مؤقتة للزوجة ولأولادها منه على الزوج ويكون هذا القرار قابلاً للتنفيذ.

8–چاککردنی ماددەی (32) کە تایبەتە بەنەفەقە بەمجۆرە:

المادة الثانية والثلاثون: لايجوز للزوجة ان تطالب بنفقتها الماضية من زوجها عن مدة تزيد على سنتين ولاتسقط هذه النفقة بالطلاق او بوفاة احد الزوجين.

9–چاککردنی ماددەی (39) کە تایبەتە بەتەڵاق بەمجۆرە:–

1–على من اراد الطلاق ان يقيم الدعوى في محكمة الاحوال الشخصية يطلب ايقاعه واستحصال حكم به.

2–يعاقب المخالف لحكم الفقرة اعلاه بالحبس او بغرامة لاتقل عن الفي دينار ولاتزيد على خمسة الاف دينار.

3–تبقى حجة الزواج معتبرة الى حين ابطالها من المحكمة.

4–اذا طلق الزوج زوجته وتبين للمحكمة ان الزوج متعسف في طلاقها وان الزوجة اصابها ضرر من ذلك تحكم المحكمة بطلب منها على مطلقها بتعويض يتناسب وحالته والمالية ودرجة تعسفه.

10–زیادکردنی ئەم رستەیە بۆ بڕگەی (1)ی ماددەی (43)و دەبێتە بەندی (10) لەماددەکە:–

10–اذا راجع الزوج زوجته المطلقة طلاقا رجعيا في اثناء عدتها دون رضاها.

11–چاککردنی بڕگەی (1) لەماددەی (89) کە تایبەتە بەمیرات بەمجۆرە:–

1–الأبوان والاولاد وان نزلوا للذكر مثل حظ الانثيين وللذكور من اولاد المتوفى التنازل امام محكمة الاحوال الشخصية عند تنظيم القسام الشرعي بما يشاؤن من حصصهم في التركة لاخواتهم وعلى المحكمة تثبيت ذلك في القسام وتحدد الحصص الأرثية في ضوء ذلك.

لابردنی هەموو بڕیارەکانی (1708 لە 1981/12/17)و (147لە 1982/1/27)و (1128 لە 1985/9/21)و (1529 لە 1985/12/31)و (544 لە 1987/7/28).

لەهەولیکی یەکیتی ژنانی کوردستاندا

خراپیی سابوونی بریاری 986 دەردەکەویت

پیویستە جۆری سابوونی دابەشکراو باشتر بکریت

دوای ئەوەی لەرۆژی 2002/1/14دا لەکۆبوونەوەی مانگانەی خۆراك لەریکخراوی (UNOHCI)دا نوینەری یەکیتی ژنانی کوردستان خراپیی جۆری سابوونی بریاری 986ی لەسەر پیستی هاوڵاتیان خستەروو، رۆژی 2002/1/21 یەکیتی ژنانی کوردستان داوای لەنووسینگەی راویژکاری زانستی زانکۆی سلیمانی کرد کە شیکردنەوە بۆ ئەو سابوونانە ئەنجامبدەن کە لەسەر بریاری 986 بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشدەکریت. بەسوپاسەوە زانکۆی سلیمانی بەبێ بەرامبەر شیکردنەوەی ناوبراویان ئەنجامداو دەرکەوت کە ئەوسابوونەی دابەشدەکریت:

1–ریژەی چەوریی تارادەیەکی زۆر تیدایە.

2–هەندیك (Pigment)ی تیدایە کە تواوە نییەو پاشماوە جیدیلێ.

3–ریژەی ماددەی ئەلکانی زۆرە کە هەندیکجار دەبیتە هۆی خوراندنی پیست.

بۆیە بەشی تەندروستی یەکیتی ژنانی کوردستان بەنووسراوی ژمارە (129) رۆژی 2002/3/26، نووسراوێکی هاوپێچ لەگەڵ ئەنجامی شیکردنەوەکەدا ئاراستەی ریکخراوی UNOHCI کرد بەمەبەستی رەچاوکردنی ئەو حاڵەتەو چارەسەرکردنی تاکو زیاتر زیان بەتەندروستیی خەڵکی کوردستان نەگات.

لەبەغدا ژنان بەخراپترین شێوە ژیان دەگوزەرێنن

بەپێی سەرچاوەیەکی نوێنەرایەتی بەغدادی کۆمەڵەی نیشتمانیی مافی مرۆڤی عیراقی ئێستا ژنان لەبەغدا بەخراپترین شێوە ژیان دەگوزەرێنن ئەویش لەسایەی ئەو رژێمەی کە دیارترین سیفەتەکانی تۆقاندنو ترسو برسێتییە.

بەهۆی ئەو گەندەڵیە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییانەی ئەمڕۆ لەبەغدادا هەیە ژنان جگەلەوەی باری قورسی بەخێوکردنی منداڵوخێزانیان لەئەستۆگرتووە دوای نەمانی باوکوبراو مێرد روبەڕووی چەندین توندوتیژیی دەبنەوە، لەوانە سوکایەتی پێکردنو دەستدرێژیی سێکسی، ئەمانە جگە لەهەموو ئەو یاساو بڕیارانەی کە کەرامەتو مافەکانی ژنان پێشێلدەکات وەك ئەوەی بەسەر پارێزەر (لهیب بغدادی)دا هات کە دوای ئەوەی بەفەرمانی (عدی) دەستدرێژیی سێکسی کرایە سەرو پاش ماوەیەك لەڕاندنی خرایە نەخۆشخانەی (الرشاد) بۆ نەخۆشییە عەقڵیودەروونیەکان.

ئەو کچوژنانەی لەعیراقدا بەدەردی (لهیب) دەبرێن زۆرنو ئەمەش بەشێکە لەوناوانەی کە تائێستا چارەنووسیان نەزانراوە:–

1–تغريد الوندي– مامۆستا– لەدایکبووی 1980.

2–حنان عبدالواحد– خوێندکاری زانکۆی بەغدا– لەدایکبووی 1984.

3–فريده سامان علي– ئەندازیار– لەدایکبووی 1981.

4–وسن رزاق– نەخوێندەوار– لەدایکبووی 1979.

5–ئیمان رحیم– خوێندکار لەزانکۆی بەسرە– لەدایکبووی1977.

6–سهى البدرى– فەرمانبەر لەئیزگەی بەغدا– لەدایکبووی 1975.

لەسعودیە (15) خوێندکار دەسوتێن

رۆژی 2002/4/8 بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێکەوە لەخوێندنگەیەکی کچان لەشاری مەککەی پایتەختی شانشینی سعودیە (15) خوێنکار سووتان. هەندێ لەڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتە هۆکاری سووتانی خوێنکارەکانیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی لەکاتی خۆدەربازکردنی کچەکاندا لەلایەن پیاوە ئاگرکوژێنەکانەوە رێگەیان لێگیراوە بەبیانوی نەپۆشینی (حیجاب)ەوە، لەکاتێکدا خوێندنگەکە تایبەت بووە بەکچانو ئاسایی بووە لەناو سنوورەکەیدا خوێندکارە کچەکان حیجاب نەپۆشن. ئەمەو دەسەڵاتدارانی سعودیە ئەو راپۆرتانەیان رەتکردەوە کە هۆکاری سووتاندنی خوێندکارەکانی ئەگەڕاندەوە بۆ پیاوانی ئاگرکوژێنەوەو (شا فەهد)ی پاشای ئەو وڵاتەش دەستبەجێ فەرمانی خانەنشینکردنی بەریوەبەری کارگیریی فیرکردنی کچانو یەکخستنی ئەو بەریوەبەریتییەی لەگەڵ وەزارەتی فیرکردندا دەرکرد، لەکاتیکدا نزیکەی (40) ساله لەوەزارەت جیاکراوەتەوە.

شارباژێڕ

پرۆژەی بەخێوکردنی هەنگ جێبەجێکرا

پرۆژەی بەخێوکردنی هەنگ یەکێکە لەوپرۆژانەی کە لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستانەوە بیرۆکەکەی پێشکەش بەڕێکخراوی W.F.P کراوە.

ئەم پرۆژەیە کە لەناوچەی شاربارێژدا جێبەجێدەکرێت رۆژی 2002/4/6 لەبنکەی رێنمایی کشتوکاڵی چوارتا خولی راهێنانی پرۆژەکە دەستپێکردو بۆ ماوەی (15) رۆژ بەردەوامدەبێت، قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە کە ساڵێك دەخایەنێت 8 گوندی شارباژێڕ دەگرێتەوە.

لەم قۆناغەدا (50) بێوەژنی سەرۆك خێزان لەگوندەکانی (سنکێ، واژە، قەلاچوالان، تەگەران، کەناروێ، پاڕەزان، گوێزەرەش، بێوری) سوودمەنددەبن و دوای تەواوکردنی خولی راهێنان هەر ژنێك پێنج کوورە هەنگی دەدرێتێ، هەروەها بەرهەمی هەنگەکان بۆ ژنەکان دەبێتو پاش تەواوبوونی قۆناغی یەکەم کوورە هەنگەکان وەردەگیرێتەوەو بۆ ماوەی ساڵێکی تر دەدرێتە کۆمەڵێك ژنی تر.

شایەنی وتنە ئامانج لەم پرۆژەیە دەستگرۆییکردنی ژنانو دۆزینەوەی کارە بۆ ژنانی سەرۆك خێزانو هاندانی ژنانە بۆ پشت بەستن بەخۆیانو هەوڵدانیان بۆ دابینکردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ، پرۆژەکە بەبڕی (15000) دۆلار جێبەجێدەکرێتو لەلایەن ستافێکەوە لەئەندامانی یەکێتی ژنانی کوردستان کە پێکهاتووە لەلیژنەی سەرەکیو دو چاودێرو دو کادری تەکنیکی پرۆژەکە بەڕێوەدەچێت.